https://doi.org/10.24271/garmian.319 ttp://jgu.garmian.edu.krd

# نامە شیعرییەكانی مەولەوی تاووگۆزی

حسين محمود علي


## پوختە

سوكرات گەر بكرێت؛ پێی دەڵێین: باوكی رۆحیی هونەر و فەلسەفەی یۆنانی، چونكە ئەرستۆ بە مامۆستای یەكەم ناو دەبرێت. دەڵێت: ( مرۆڤ بە سروشت گیانلەبەرێكی گۆمەڵگەییە )، هەرچەندە مێژوویەكی وورد نییە بۆ دەستنیشان كردنی دروست بوونی كۆمەڵگە سەرەتاییەكان. بەڵام بە دروست بوونیان، كۆمەڵگە پێویستیی پێوەندیی كۆمەڵایەتی لادروست بوو، دیارە زمان بەهێزترین پێوەندی بووە، ئایا پێش زمان چی بووە؟ ئەم باسە گریمانە و بیردۆزەی زۆری لێ كەوتەوە، یەكێك لەوانە دەڵێت، پێوەندی بە هۆی ئاماژەوە بووە، كە پێی دەڵێن: ( لغة الإشارات )، دوایی بووەتە زمانێكی بێ پەیڕەو؛ پڕ لە قیژە و هەرا، كە زیاتر لە لاسایی كردنەوەی دەنگە سروشتییەكانەوە هاتووە؛ بەگوێرەی گەشە كردن و پەرەسەندنی قۆناغە یەك لە دوای یەكەكانی مێژوو، دواجار زمان گەشەی كردووە، بووەتە پێڕەو، تاگەیشتۆتە قۆناغی ئەمڕۆی، كە كۆمەڵەگەكان و هەڵكەوتە جوغرافیاییەكانی نیشتە جێ بوون و جۆرەكانیان زۆر بوون، نووسین داهێنرا، ئەوە بووە زمانی نووسین و هاتە پاڵ زمانی ئاخاوتن و ئەركی كەم كردەوە، دیارە بۆ بەردەوام بوونی پێوەندیی مرۆڤایەتی و گەشەكردنی، نامە نووسینیش وەكو زمان گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووە، تا گەیشتۆتە قۆناغی ئەمڕۆی.

نامە خزمەتێكی زۆری بە مرۆڤایەتی كردووە: وەكو لە پێشدا ئاماژەم پێداوە، كەلێنی زۆری بە هەموو جۆرەكانییەوە، پڕ كردۆتەوە، كاریگەریی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای كەوتۆتە سەر، لەزوو گەیاندنی مەبەستەكان، ئەمەش ناراستەوخۆ كاریگەریی گەورەی بووە لە پێشخستنی مرۆڤایەتیدا، نامە نووسین ئەوەندە بایەخی پێدراوە، جێگەی خۆی لە ئەدەب و لە رەگەزی شیعری دا كردۆتەوە، شاعیران زۆر بایەخیان پێداوە، وەكو نامەشیعرییەكانی ( چامەكانی ) مەولەوی تاووگۆزی، بۆیە ئەم بابەتە گرنگەم هەڵبژارد.


**كلیلی ووشەكان:** نامە شیعرییەكانی، مەولەوی تاووگۆزی، شیعر

## پێشەكی

هەرچەندە لەم سەردەمەدا؛ دارشتنی نامەی نوێ بە پرنسیپەكانی نامە نووسینی جاران باوی نەماوە، ئەویش بەهۆی پەیدا بوون و پێشكەوتنی ئامێر و هۆیەكانی تەكنەلۆژیا، ئێستا كورتەنامە ( Message ) ی مۆبایل ( Mobile ) و ( ماسنجەر، ڤایبەر، واتس ئاپ...هتد )، شوێنی گرتۆتەوە، چونكە بە كورت ترین نووسین مەبەست دەگەیەنێت، لێرەدا ئەمەش مەبەستە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، نامە نووسین لە كۆندا گرنگی خۆی لەدەست دابێت، چونكە لە مەبەستە كەسییەكانی نێرەر و خوێنەر، لایەنی مێژوویی (هۆشداری، جەنگی... )، ویژەیی، دوكیومێنتاری، شێوازگەرایی...هتد، تێدایە، هەروەها بەشێكی زۆر گرنگە لە پەخشانی ئەدەبی، هەرچەندە ریتم و كێش و مۆسیقای دەرەوە ( سەروا ) تییدا وەكو

شیعر بەكار نەهاتووە، بەلاَم سۆز و ئەندێشە و هزری ناسك و لەرەی رۆحی تێدا بەكار هاتووە، جگە لەوە؛ تاكە بەش و گرنگی گەیاندن و راگەیاندنە جۆراوجۆرەكان بووە: (كەسی، خۆشەویستی، گلەیی، پرسەنامە، گشتی، بازرگانی...هتد.)، نامە نووسین بە زمانی كوردی درەنگ هاتە ناو كۆمەڵگە و ئەدەبیاتی كوردییەوە، بەهەردوو جۆرەكەی،چ هۆنراوە، چ پەخشان، هۆیەك بووە بۆ پتەوكردنی پێوەندی كردنی كەس و كۆمەڵ، هۆكارێكی تر بووە بۆ بنیات نان و بەرەو پێشەوە بردنی شارستانییەت و كۆمەڵگە. نامە نووسین وەكو دەڵێن: (نیمەی بینینە، زۆر لە ئەرك و تێچوون و كات گل دەداتەوە و هەمان مەبەست دەگەیەنێت)؛ پیاوە دەسەلاَت دارەكان؛ كاتێ خوێندەوار كەم بووە،جوان نووسێك و خوێندەوارێكی تایبەتیان بووە بۆ نامە نووسین. پێیان وتووە (میرزا)، یان (كاتب).

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەم، دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی گرنگی نامەی شیعری (چامە) لە ئەدەبی كوردەواریدا و چامەكانی مەولەوی تاووگۆزی بۆ شێخان و دۆستان و هاوڕێیانی، كەلە سۆزێكی بەرز و رەوانبێژییەكی بالاَ و شێوازێكی ناسكدا كە شێوەزاری دەڤەری هەورامانی سەر بە شێوەزاری گۆرانە داڕشتوون، دڵنیام كە كاریگەریی زۆری هەبووە لەسەریان، جووڵاندوویانە بۆ ئەوەی وڵامیان بداتەوە.

نامەكانی درێژە پێدەر و تەواو كار و گەشە پێدەری چامە كوردییەكانە، چ لە سەردەمی پێش و چ لە پاش، وەكو لە پێشدا روونم كردەوە؛ چامەكانی تایبەتی خۆیان هەیە، چونكە بە شێوەزاری مۆسیقا ئامێزی (گۆران – هەورامی) بە شێوازێكی رۆمانسییانە هۆنراونەتەوە، لە رووی كرۆنۆلۆجیای نامە نووسین بە زمانی كوردی دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە سەد و هەشتا ساڵ پێش ئێستا، كە ماوەیەكی كەم نییە، بەڵگەنامەیەكی بەهێزی ئەدەبی كوردیی تەواوكار (متكامل)ە.

ئەم توێژینەوەیە هەردوو رێبازی شیكاریی: (پەسنی-وەسفی) و (رەخنەیی)، بە راڤە كردنی وشە و لێكدانەوەی گشتی دەستەواژە و رستەكانی لەخۆ گرتووە و پشتی بەسەر چاوەی باوەڕ پێ كراو بەستووە، دابەش كراوە بەسەر سێ بەش و یانزە تەوەردا.

بەشی یەكەم/ بریتییە لەواتای وشەی (نامە) لە رووی فەرهەنگییەوە، ریشەی رێزمانییەوە، زاراوەییەوە، پێناسە و چەمكەكانی نامە، قۆناغە مێژووییەكانی دەركەوتنی نووسینی و مەبەستەكانی.

بەشی دووەم/ دەركەوتنی دیاردەی نامە نووسین لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا، زمان و شێوازی نامە نووسین، پەخشان، نامەی شیعری (چامە) لە ئەدەبی كوردیدا، رەهەندە جیاجیاكانی.

بەشی سێیەم/ چامەكانی مەولەوی، زمانی شیعری و شێوازی، وێنەی شیعری، مۆسیقا...، جۆرەكانی شیكردنەوەیان بە نموونەی شیعرییەوە، كاریگەری لەسەر وەرگرانی ئەم نامانە.

دواجار توێژینەوەكەم بە ئەنجام و سەرچاوەكان و دوو كورتەی باسەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی كۆتایی پێهێناوە، بە هیوای ئەوەی توانیبێتم كەلێنێكی تر لە ئەدەبیاتی كوردیدا، لە بواری هونەریی و ئەدەبیی نامە نووسیندا پڕ كردبێتەوە و راژەیەكی بچووكم بە ئەدەب و زمانی كوردی كردبێت،كە بنەمای بەهێزی نەتەوەیین.

## بەشی یەكەم

1/ واتای فەرهەنگی، بوونی بەزاراوەی شیعری و ئەدەبی، ریشەی رێزمانیی وشەی نامە.

1 ) واتای فەرهەنگی: نام: ناڤ، وشەی دروشمی ناسین، نامە: دەی، وشەی دنەدان (تشجیع): ( نامە راکەن بگەنیٚ)، قاقەزی نووسراو بۆ بەرِیٚکردن، دەنگ و باسی نووسراو لە کتیٚب دا: ( رۆستەم نامە )، ( 1 )

نامە: کاغەزیٚکی نووسراوە، کە بۆ یەکیٚك بنیٚرریٚ، نامەبەر: کەسیٚکە کاغەز بگەیەنیٚ بەم و بەو. ( 2 )

ئەحمەدی خانی ئەم زاراوەیەی لە یەکەم دیٚرِی دیوانەکەی دا بەکار هیٚناوە.

دەڵیٚت: سەرنامەی نامە نامی الله

بیٚ نامی وی ناتەمامە والله ( 3 ).

رسالە : Letter ( 4 )

**بوونی بەزاراوەی شیعری و ئەدەبی**

ئەم ناوە بووەتە زاراوەی ئەدەبی، شیعری، (چامە) شی پیٚ دەڵیٚن، واتە نامە نووسین بە هۆنراوە، ﴿الترسل، دەلالەتی لەبەکار هیٚناندا هاوجووتە بە (الترسل، المراسلە، المکاتبە)، کە هەمووی دەلالەت لەسەر دواندن بە زمانی پیٚنووس﴾ن، هەروەها لە تایبەت مەندییەکانی نامە گۆرِینەوە (المکاتبە) دا هاتووە: سانایی، چۆن لە سورشتدا هاتووە، دوور کەوتنەوە لە قورس کردن، رازاندنەوەی ئاخاوتن بە (نووسین)، روونی، کورتی) لەسەر بنەمای (باشترین ئاخاوتن): کورت بیٚ، ئاماژە بدات، بیٚزار نەکات، واتە پرِ پیٚستی، توانای نووسەری نامە و ئەوەی بۆی دەنیٚردریٚت بیٚت، جوانی و خۆشی پیٚببەخشیٚت، واتە: بیدرەوشیٚنیٚتەوە، هەروەها نامە زانستییەکان، واتە: ئەکادیمییەکان، کە خاوەنەکەی تویٚژینەوەیەك، یاخود نامەیەك پیٚشکەشی دەکات، ئەمە پشت بە بنەما مەنهەجییەکان دەبەستیٚت، لە کۆکردنەوەی سەرچاوەکاندا، خستنەرووی بابەتەکە، شیکردنەوەی، بەندانندنی، هۆکارکردنی، تا دەگاتە ئەنجامەکان و کورتەکان، ئەم جۆرە؛ واتە نامە ئەکادیمییەکان دەگریٚتەوە، کە خویٚندکار پیٚشکەشی زانکۆی دەکات، بۆ وەرگرتنی نازناوی زانکۆیی، پلەی زانستی بە جۆرەکانییەوە)[5]. هەروەها ئەم نامانە پشت بە پەخشانی رەها دەبەستن، کە نەبەسترابنەوە بابەتی رەوانبیٚژی و سەروادار و جۆرەکانی رازاندنەوە و جوانکارییەوە، بەم واتایە، لە ئادابی نەتەوە کۆنە کاندا، وەکو نەتەوەی کورد، کە لە چوارینەکانی ﴿بابا تاهیری هەمەدانی ( 935 – 1010م )یەوە دەست پیٚ دەکات﴾*، نامەکەی حەزرەتی ( سلیٚمان ) بۆ

---

* سنووردارکردنی میٚژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی شتیٚکی ئاسان نییە، ئەمە زیاتر پیٚوەندی بە میٚژووی نووسینی بەرهەمەکانەوە هەیە. من دڵنیام پیٚش چوارینەکانی (بابا تاهیر) بەرهەمی تر هەبووە، تۆمار نەکراوە، یان نەدۆزراوەتەوە. دەست نیشان کردنی؛ رەها و ئاسان نییە.

( بەلقیس ) شاژنی مەملەکەتی ( سەبەء، سبأ ) لە یەمەن، بۆ ( تەسلیم (موسڵمان) بوونی بەلقیس و قەومەکەی) بە سلیٚمان پیٚغەمبەر( د.خ ) *

بە نیسبەت عەرەبەوە لەسەردەمی، دەورەی جاهیلییەتدا. شتێكم نەبینییە بەناوی نامەوە، بەڵام نامەی شیعری هەیە وەكو: نامە شیعرییەكەی (عمرو)ی كوڕی كلسوومی تەغلوبی بۆ (أبا هند)،كە نامەیەكی جەنگییە و بەم بەیتە دەست پێ دەكات:

(أبا هند فلا تعجل علينا

وأنظرنا نخبرك اليقينا) **

واتە: (أبا هند) پەلەمان لێ مەكە و چاوەڕوانمان بە هەواڵی راستیت پێ دەدەین. دوای دەورەی نەفامی، دەورەی هاتنی ئیسلام دەست پێ دەكات و نامەكانی پێغەمبەر محمد (دروودی خوای لێبێت)، كە لە جێگەی تری ئەم توێژینەوەدا خستوومنەتە روو.

جۆرەكانی نامە ئەمانەن: خێزانی و دۆستایەتییەكان، كە لە میانی خزم و برادەراندایە، (ئێمە ئەممان مەبەستە)، نامە ئاڵوگۆڕكراوەكان، دەستا و دەستەكان (الرسائل المتداوله)، كە بۆ بازرگانی و سەودا كردن بەكار دێت، نامە زانستییەكان، كە خاوەنەكەی توێژینەوەیەك لە بابەتێكی دەست نیشان كراودا دەخاتە روو.

**ریشەی رێزمانیی وشەی نامە:** (لەسەر شێوگی ناوی بەركار (اسم المفعول) دا هاتووە بە بێژەی (المكتوب)، واتە نووسراو، كۆیەكەی: (مكاتیب)ە، واتە: نامەكان، كە لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەنێردرێت).[6] بەهەمان شێوە، وشەی (الرساله) ئاوەڵواتای (مكتوب)ە، كاری رابردووی (كتب)یە، واتە: نووسی، گەردان دەكرێت بۆ كاری رانەبردوو (یكتب)، بۆ كاری فەرمانی (أكتب)، كارەكە تێپەڕە، واتە بەركاری راستەوخۆ وەردەگرێت، وەكو (راسل)، نامەیەكی بۆ... نووسی، چاوگەكەی (الكتابه)یە.

بەهەمان شێوە، وشەی (الرساله)، كۆكەی (الرسائل، الرسالات)ە، ناوە، واتە: نامەكان، هەروەها لە شێوگی (ترسَّلَ)، واتە نامەكەی دارشت، (تراسل) یەكێك نامەی لەگەڵ یەكێكی تردا گۆڕییەوە [7].

---

* سورەتی (النمل) و لە ئایەتی (31) سی و یەكەمیندا هاتووە، ئەمە دەقەكەیەتی: (ألا تعلوا علي وأتوني مسلمين)، واتە: خۆتان بە گەورە مەزانن ولێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان بن (واز لەخۆر پەرستی بهێنن و بەدی هێنەری خۆر و مانگ و ئەستێرە و زەوی و.... هتد، بپەرستن)، بڕوانە تەفسیری ئاسان، بورهان محمد امين ،چ5، ل 379.

** بڕوانە كتێبی: شرح ديوان عمرو بن كلثوم التغلبي، شرح و تحقيق الدكتور رحاب عكاوي،ط1،دار الفكر العربي- بيروت، 1996، ص14.

الدعایە*: بانگكردن بۆ هەستان، ئێستا پڕوپاگاندەی پێدەڵێن،(ئەمە دەچێتە بواری هەواڵەوە، كە نامە بەشێكە لێی.)

نامەی هۆنراوەیی، سیمایەکی زەق و روونی قوتابخانەی کلاسیکییە، یان لە قۆناغی کلاسیکییەوە دەست پێدەکات، هەرچەندە ﴿مەولەوی(1806م-1882)﴾ بەسروشت بەسەرئامەدی قوتابخانەی رۆمانتیکی لە هۆنراوەی کوردیدا دادەنرێت، بەلاّم ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی (نامە) لە شیعر و ئەدەبیاتی

رۆمانتیکی کوردیدا نەنووسرێت، ئەوەش بهێنینەوە یاد، وتمان نامە لە بنەڕەتدا بە شێوازی پەخشانێکی رەها دەنووسرێت ، هەروەها لە شیعری میللیشدا دەبینرێت.

لێرەوە (مكتوب)، تاکی (مكاتيب)ە، واتە نامە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەنێردرێت.

2) پێناسە و چەمکەکانی نامە

دیارە نامە ویژدانییەکان، واتە نامەی خۆشەویستی جیاوازە، بە وشەی سۆزدار دەڕازێنرێتەوە. "هەروەها لەم رووەوە (علاء الدين سجادي)، دەڵێت: (نامە) باشترین هۆیە بۆ دەربڕینی کەسێتی و تاکییەتی مرۆڤـ و ئارەزووە نهێنییەکانی دەروونی...، کە ئەنووسرێ لەو کاتەدا مرۆڤـ هەست ئەکا، کە لە یەکێ زیاتر نایخوێنێتەوە...، نامە بە هەموو جۆرەکانییەوە، هۆیەکە بۆ کردنەوەی دەرگای ئاشنایەتی لە نێوانی نووسەر و خوێنەرەکەیا"[8]

بەم جۆرە نامانە؛ دەوترێت: نامەی داخراو، کە پێچەوانەکەی نامەی کراوەیە، واتە هەموو کەسێك دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بۆ نموونە نامەکانی مەولەوی تاووگۆزی.

شێوازی نامە نووسین دوو جۆرە، یەکەمیان: لە شێوازی پەخشاندا دەنووسرێن، ئەمەیان زۆر باوە، چونکە داڕشتنی ئاسانە، هەرچەندە خاڵی نییە لە لایەنی هونەری، ئەمەیان لەناو ئاپوورەی خەڵکدا باوە، دووەمیان نامەی شیعرییە، ئەمە لە میانی شاعیران و نووسەراندا روو دەدات وەکو نامەکانی: (نالی و سالم، مەولەوی (رەهایە)، کەمالی و ناطق...هتد)

3) قۆناغەکانی دەرکەوتنی نامە نووسین و مەبەستە جیاجیاکانی

(پەیغام): وەلاّم، پەیام. (پەیام): دەنگو باسێکە، کە بنێررێ بۆ یەکێك. پەیام، (خبر، نبأ، رسالە، الهام)[9]، ئەمانە بەواتای وەلاّم و هەواڵ هاتوون.

گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە، کە لە ژێر ئەو ناونیشانانەدا هاتوون، هەموو ئەو ناونیشانانە لەیەك خاڵی هاوبەشدا کۆ دەبنەوە، ئەویش گەیاندنی پەیامی جۆرا و جۆرە بەلایەنی دووەم، بە مەبەستە جیاجیاکان.

---

* ف: زێوەری، عەرەبی _ کوردی، مامۆستا زێوەر، ئا، مەحمود زێوەر، چ1، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، 2004، ل222.

یەکەم نامە، یان پەیام، دیارە نامە و پەیامی پەروەردگارە، بە هۆی جبرائیلەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بۆ فروستادە و پێغەمبەران (الرسل و الانبياء)،

ئەوانیش بەدەوری خۆیان گەیاندوویانەتە ئەو نەتەوە و گەل وهۆزانە، کە بۆیان نێردراون، دیارە بە نووسراو نەبووە، بەزارەکی بووە، واتە جبرائیل (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بە زارەکی گەیاندوویەتی بە شێوازی کتێبی ئاسمانی وەکو: ﴿ زەبور، صُحُف، تەورات (الواح)، (پەیمانی کۆن)، ئینجیل (پەیمانی نوێ)، (قورئانی پیرۆز)﴾،

دواجار نووسراونەتەوە، جۆر و مەبەستی ئاینی بووە، وەكو لە پێشدا وتم: پەیام بەر، یاخود پەیغەمبەر، پەیغام لە زمانی ئاری دا وەكو: ( زمانی هیندی و ئەفغانی و فارسی و كوردی ...هتد، بە واتای نامە هاتووە)، بەزمانی كوردی ( پەیام )یشی پێ دەڵێن، پەیغام بەر و دواجار پێغەمبەر هەردووكی راست و دروستە، واتە ئەو كەسەی نامە دەهێنێت، محمد (دروودی خوای لێبێت) پەیغامی، پەیامی خوای هێناوە بۆ خەڵكی ....

كە نێردراوی پەروەردگارە، وەكو سپاردەیەكی پیرۆز لەلایەن پەروەردگارەوە، گەیشتووەتە ئەوانەی كەمەبەست بوونە. لە قورئانی پیرۆزدا(6) شەش جار ئەم زاراوەیە هاتووە؛* پێنج جار لە شێوگی ناوی كۆ دا هاتووە، (رسالات)، یەك جار بەتاك هاتووە، (رسالە) ، دیارە نامەی نووسراو بە دۆزینەوەی نووسین هاتۆتە تۆمار كردن، قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پەرەسەندنی ژیریی مرۆڤدا، ئەویش پەرەی سەندووە و گەشەی كردووە، بەمەبەستی جیاجیا نووسراوە، ئەمە لە ئەنجامی پشكنینندا دەركەوتووە.

**مەبەستەكان، یان جۆرەكانی نامە:**

1) **كەسێتی/ خۆشەویستی، گشتی.**
2) **مێژوویی: أ) دوژمنایەتی، ب) گاڵتەوگەپ، ج) داشۆڕین، د) ئازایەتی و جەربەزەیی.**
3) **نامەی پێش مردن ﴿ راسپاردە، وەسیەت (الوصیە)، (Will)﴾.**
4) **نامەی فەرمی (لە لایەن سەرۆك و فەرماندەكاندا بۆ هاوشانانی خۆیان، یان لە خۆیان خوارتر).**

**نموونەی نامەكان: أ ) نامەی حەزرەتی سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بۆ بەلقیسی شاژنی (سبأ).**

**نامەكە بەم شێوازە دەست پێدەكات و دەڵێت:**

{اذْهَب بِّكِتَابِي هَذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَانظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ {28} قَالَتْ يَا أَيُّهَا المَلَأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَابٌ كَرِيمٌ{29} إِنَّهُ مِن سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ{30} أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ{31} ، سورەتی (النمل).

* لەم سورەت و ئایەتانەی بەرامبەریاندا بە زنجیرە هاتوون: الاعراف (62) شەست و دوو، (68) شەست و هەشت، (79) حەفتا و نۆ، لە شێوەی تاكدا هاتووە، (93) نەوەت وسێ، لە شێوەی كۆدا هاتوو، الاحزاب، (39) سی و نۆ، الجن، (28) بیست و هەشت.

(ئەوسا سولەیمان نامەیەكی نووسی و دای بە پەپوو، فەرمانی پێدا، كە : بڕۆ ئەم نامەیە ببە و (لە شوێنێكی بەرچاودا) بۆیان فڕێ بدە و پاشان (لە پەنایەكدا) خۆت حەشار بدە و بزانە دەڵێن چی و چی باس و خواسێك دەكەن. (شاژن هات و نامەی بینی و خوێندییەوە، پاشان وەزیران و ئەنجومەنەكەی خۆی كۆكردەوە و)

وتی: ئەی رێزداران، بەڕاستی من نامەیەكی پیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە. نامەكە لە سولەیمانەوەیە و بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە (دەست پێدەكات و دەڵێت): خۆتان بەگەورە مەزانن لێم یاخی مەبن و وەرن موسڵمان بن (واز لە خۆرپەرستی بهێنن و بەدیهێنەری خۆر و مانگ و ئەستێرە و زەوی و... هتد، بپەرستن) *

**بەشی یەكەم:**

**تەوەری سێیەم**

**ب) نامەبانگێشكردنەكانی پێغەمبەر(د.خ) :**

هەرچەندە نامەکانی پێغەمبەر (د.خ) نامەی کەسێ، بەڵام بۆ پادشاو فەرمان ڕەواکان بووە، سەرانی ئەو خەڵکانە بوونە، کە فەرمان ڕەواییان کردوون، نامەکان بانگێش کردنە بۆ ئایینی نوێ و پیرۆزی ئیسلام، نامەی کەسی و تایبەتین، نەك بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی: نەك بۆ بەرژەوەندیی کەسیی پێغەمبەر (د.خ).

ئەم نامانە لە کۆتایی ساڵی شەشەمی (بیعسەت) نووسراون، کاتێ پێغەمبەر (د.خ) لە (حدیبیه) گەڕایەوە. دەبوایە ئەو نامانە مۆریان لەسەر بوایە، چونکە ئەوان نامەی بێ مۆریان نەدەخوێندەوە، ئەویش مۆرێکی لەزیو دروست کرد، عیبارەتی ( محمد رسول الله )ی لەسەر بوو. ئەوانەی نامەی بۆ ناردن زۆر نەبوون،

گرنگەکانیان ئەمانە بوون: (کسرای فارس)، (قەیسەری ڕۆم)، (مونزیری کوڕی ساوا)، (هەمزەی کوڕی عەلی)، پادشای عومان.....).

نموونەی نامەیەك، کە بۆ کیسرا ناردوویەتی دەخەینە ڕوو، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، لە محەممەدی فروستادەی خوا بۆ کیسرا، گەورەی فارس، سەلام لەسەر ئەوە بێت شوێنی ڕێنمایی خوا (هیدایەت) دەکەوێت، باوەڕی بە خواو پێغەمبەر هەیە، گەواهی دەدات، کە خوایەکی تر نییە، جگە لە خوای پەروەردگار نەبێت، کە بێ هاوبەشە، محەممەد بەندە و فروستادەیەتی، بانگهێشتت دەکەم، بە بانگ کردنی خوا، من فروستادەی خوام بۆ هەموو ئادەمیزاد، ئەم بانگێشە هەڕەشە لەوانە دەکات، کە زیندوون، وتە و فەرمانی خوا، کە ڕەوایە،

* سورەتی النمل، ئایەتەکانی (28، 29، 30، 31)، بڕوانە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد امین، چ5، ل379.

بچەسپێ بەسەر ئەوانەی کە بێ باوەڕ (کافر)ن، ئیسلام سەلامەت دەبێت، گەر ڕێگری و بەرهەڵستکاری بکەیت، ئاوا تاوانی مەجووسەکان لە ئەستۆی تۆیە.) نامەکان هەڕەشەی خوایین، هیچ نەرم کاری تێدا نییە، لە بنەمای بەهێز و باوەڕەوە نێردراون، دەسەڵاتی دونیایی بە پێی نامەکان لاواز و کاتی و لەرزۆك بووە. نامەکان هیچ مەرامێك و بەرژەوەندیی کەسی تێیاندا نییە.

## بەشی دووەم

### دەرکەوتنی نامە نووسین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

تاوەکو ئێستا سەرچاوەکان نەیانتوانیووە بۆ سەرەتای نامە نووسین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا مێژوویەك دەست نیشان کەن، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕووی چینایەتییەوە، کۆمەڵگەیەکی هۆزایەتی، دەرەبەگایەتی بووە، لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی چینایەتی دامەزراوە، هەروەها کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە بە هۆی هەڵکەوتووی سەختی جوگرافییەکەیەوە، ئەگەر دانە دانەیەك خوێندەوار و نووسەر بە هۆی هەوڵ و کۆششی خۆیەوە فێر بووبێ، ئەوا لەشوێنێکی قەتیس کراودا گیری خواردووە، شێوازی نامە نووسینی نەزانیوە، ئاگاداری شێوازی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی نەبووە،

چونکە کوردستان خاوەن کیانی سیاسی خۆی نەبووە، پێوەندی ڕۆشنبیری زۆر کز بووە، ئەویش بەزمانی عەرەبی بووە، کە زمانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ)، نووسینەکانی زانایانی ئیسلامی بوون، شان بەشانی زمانی عەرەبی، ناوە ناوە زمانی فارسی خوێنراوە، فارسییەك؛ ئاوازەکەی، گۆیەکەی تێکەڵ بە ئاواز و گۆی زمانی کوردی بووە، لە هۆنراوەکانی سەعدی شیرازی (سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی)دا و حافزی شیرازی (سەدەی هەشتەمی کۆچی مانگی)دا خۆی بینیوەتەوە، زیاتر بریتی بووە لە هۆنراوەی ئایینی، واتە عیرفانی، دانش (فەلسەفە) و هزری. شاعیری نەتەوەیی و

پێشکەوتن خوازی کورد، حاجی قادری کۆیی (1815م-1892م) زوو دەرکی بەم قەتیس بوونە کردووە و زۆر لۆمەی کوردان دەکات لەم رووەوە و دەڵێت:

یەکتان نەچوونە گەردش، وا تێدەگەن لە دنیا

هەر پادشاهی رۆمە و شاهی عەجەم لە تاران

بۆ فەننی حەرب و صەنعەت، بۆ ضە بط و رە بطی میللەت

دەینێرنە ئەوروپا گەورە و بچووکی خۆیان [10]

لەم دوو دێڕە هۆنراوەدا، حاجی دەرك و پەی بردووە بە جیاوازی بە ئاگابوون و وریایی گەلان لە چاو گەلی کورددا لە رووی پێوەندییەکانی دەرەوە و سوود وەرگرتن لە بوارەکانی پێشکەوتنیان، لەوانە: بواری ئەدەب و هونەری نووسینە، کە نامە یەکێکە لەم هونەرانە؛ دیارە نامە نووسین و گۆڕینەوەی هەر لە میانی خان و ئاغا و بەگ و مەلا و شێخەکاندا بووە، واتە: (چینی باڵا)؛ ئەوانیش یان میرزایان بووە، یان لە حوجرە و خانەقادا فێری خوێندن و نووسین بوونە بە شێوە باوەکەی. بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە. ئەمیش زیاتر لە (سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم) دا بووە، زمانی کوردی بە زمانێکی لاوەکی دانراوە، تەنها بۆ ئە نجامدانی ئاخاوتن بەکار هێنراوە، بگرە نووسینی کاروباری ئایینی بە زمانی کوردی نەبووە؛ بۆ نموونە بە گوێدادان (تەلقین)ی مردووان بە زمانی کوردی بە جۆرە گوناحێك لەقەڵەم دراوە!!

هەروەها کزی هەست و سەر بەو (انتماء)ی تاکی کورد بۆ بنەماکانی نەتەوەیی، کە زمان یەکێکە لەوانە، گەر کورد لە مێژووە ئەوەی بزانیبا، کە دوژمن وڵاتی داگیر دەکات یەکەم جار قەدەغەی زمانەکەی لێ دەکات، ناهێڵێت رۆڵەکانی لە مێژووی گەلەکەیان

بە ئاگابن؛ وەکو داگیر کردنی وڵاتی جەزائیر لەلایەن فەرەنسییەکانەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زمانی زگماکیان قەدەغە کرد، کە زمانی عەرەبی بوو، ئەکەوتە خۆیی و پلانی پێویستی بۆ دادەڕشت.

لەم رووەوە علاء الدین سجّادی دەڵێت: (زانایان لەسەر ئەوە پێك هاتوون، کە نامە نووسین لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا، لەبەر ئەوە، کە ئەوروپاشی هاتە سەر، گەیشتۆتە چلە پۆپە.) [11]، دیارە گەلی کوردیش لە نامە نووسین دا دەکەوێتە نێو ئەم بازنەوەوە، هەرچەندە بە زمانی خۆی نەینووسیوە، بەڵام نامە نووسین بەمەبەستی ئایینی لە (سەدەی نۆزدەیەم)دا هاتە کایەوە، بڕوانە یادی مەردان* و (مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ)**، کە نووسینیان زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە.

---

* یادی مەردان، بەرگی یەکەم، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، مەلا عبدالکریمی مدرس، چ1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا، 1979، ل151 – 428.

** مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ، ب1، مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی (الحوادث)، 1984م ، 1991، ل7-1179.

**بەشی دووەم:**

**تەوەری دووەم: زمانی نامە نووسین،**